

# وەتارەکانی عیشرەت عەزیمی لە جێژنی سەربەخۆیی کۆمـاری کوردستان

## ١٣٢٥ـ ١٩٤٦

ئامادەکردنی: گوڵاڵە پێشنماز سوئید: ٢٠٢١

تەمەنم دە ساڵ بوو کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد بە خەڵک ڕاگەیاندرا. بۆ پێشکەش کردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە چوارچرای مەهاباد منیان هەڵبژارد.

جەنابی مەرحوم کاک سەدیقی حەیدەری دوو مێزی لەسەریەک دانا و منی خستە سەر، ئاڵای کوردستانی دا دەستم و فەرمووی دەست پێبکە. منیش بە خۆشحاڵیەوە دەستم پێکرد:

ئەی ئاڵای سێ ڕەنگی کورد

ئەی مایەی بڵیند و سەربەرزی نیشتمان

ئامادەین لە ژێر سەر... بۆ مانەوەی تۆ خۆمان....*

تا گیان لە گیان دابێ نەهێڵین ئەوەی....*

ئەی جێگەی سەرفەرازی گەلی کورد


ئەگەر ئەو دەستم بشکێ بە دەستەکەی دیکە بەرزت دەکەمەوە

ئەگەر هەر دوو دەستم نەما بە ددانەکانم ڕاتدەگرم

بژی قازی محەمەد پێشەوای کورد

عیشرەت عەزیمی، پاریس ٢٠٢٠/٠٣/٠٤

*... بەداخەوە عیشرەت خانم بە تەواوی شیعرەکەی لەبیر نەماوە



وێنە: ڕێژەی منداڵانی قوتابخانەی مەهاباد لە مەیدانی چوارچرا ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

لە ڕاستەوە: یەکەم کەس، عەلی خوسرەوی

لە ڕاستەوە: منداڵانی کراس سپی نەفەری ٥ـ ئاسیە مەحموودیان ٦ـ عیشرەت عەزیمی

پشتی سەری منداڵان میرزا سەدیق حەیدەری

## جێژنی سەربــەخۆیی و نــاساندنی پێشەوای کوردستان لــە لایــەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان

خەتابەی یای عیشرەت عەزیمی

دایک و خوشکـانی خۆشەویست ئـایـا دەزانن ئــەو ڕۆژ و سەعـاتـە مـەبــارەکە جێژنی ئازادی میللـەتی کورد شیرنی خواردنی پێشەوای کوردستانە ئــەمن کــە یـەک مندالّی کوردم لــەو وەختو سەعــاتــە خۆشەدا زۆر شاد و خۆشحالّم وا وەختم بــە فــرسەت زانی کــە پاش شوکرگوزارییەکی زۆر لـەو خوشکە عەزیزانە ئیجازە تەلەب دەکــەم کــە چەند کــەلیمە عــەرزی نــاقابلی خۆم بــە عــەرزی هەمووتان بگەینم.

ئــەگــەر ئــەمە بە دڵی ساف و چاوی پڕ نوور بڕوانین و فکر بکەین لێتان حاڵی دەبی کە ئەورۆ ئـەوەڵی عومری مـەیە یەعنی وابزانین کــە تازە لــە دایک بووین. چونکوو دەتوانین بە ئازادی و ئارەزووی دڵی خۆمان هەر کارێکی بکەن ئەمن کە هێندە لە عومرم ڕانەبردوە فــەقەت زۆر چاکم لــەبیرە کــە ئێمە تــا چە ئەندازە لە ژێر دەستی چەنگالی خوێناوی بێگانان بووین بۆ خۆتان دەزانن نەیان دەهێشت کــە بــە زمــانی خۆمــان قسە بکـەین یـا دەرس بخوێنین و ئـەگەر یــەک نــەفــەر ئــاژانی ڕوتمان دەدیت گیانمـان دەردەچوو خولاسە زوڵم و ئەزیەتیان زۆر لێ دەکردین، فەقــەت نــامـــەوێ کە وەختی ئەو خوشکانی عەزیز زۆر سەرف کــەم بەو چەند کەلیمە قــەناعەت دەکـــەم ڕەجـام وایە کــە ئێوەش مندالّەکـانی خۆتــان وەختێ کــە شیریان دەدەنێ لـــــەگــەڵ شیر لە زاریان بنێن و بڵێن ڕۆڵە ئــەتۆ

کوردی و ئیدعای حــەقی خۆت بکە و بۆ وەی کــە ئێمە لـــە سایری میللەتــان وەپاش نــەکــەوین کچ و کوڕی خۆتان هیچیدی لــە مــاڵ دامــەنێن و لــەوە زیاتر بــەدبەخت و کوێرو بێ سەوادیان مــەکەن بەڵکوو ئـەمــەش وەکوو میللەتان ژن و کچی عالم و عاقلوو دانامان لــەنێودا پەیدابێ و سەربەرز و مــەشهور بین لە ئاخردا ڕەجا کارم کە ئێوەش لــەگــەڵ من هەمدەنگ بن و بڵێن بــەرقــەرار و پایەدار بێت.

حەزرەتی پێشەوای کوردستان.

ڕاوەستاو بێ ئالای موقەدەسی کوردستان

بژی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای کورداندا گیانفیدان.

ڕۆژنــامەی کوردستان، ژمارە ٢٨ شەممۆ ٧ی خاکەلێوە ساڵی ١٣٢٥ ـ ٢٧ مارس ١٩٤٦



عیشرەت عــەزیمی ساڵی ١٣٢٧ ـ ١٩٤٧ مەهاباد

لە ئالبوومی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە

جێژن و شایی و شیرنی خۆری لە لایەن ژنانی شاری شنۆ بە بۆنەی سەربەخۆیی کوردستان

خەتابەی کیژ عیشرەتی عەزیمی

دایک و خوشکەکانم ئێوە دەزانن ئەمن وێستا بۆنی شیری کالّم لە زاری دێ و ئەورۆ کە لە نێو ئێوە بەیاناتێک عەرز دەکەم لە سایەی خوێندنی زمانی دایک و بابی خۆمەوە، دەنا تەسدیق دەفەرموون لە دەورەی پێشودا مەدرەسەشیان تەواو دەکرد ئەمما چونکوو زمانی بێگانان بوو نەیان دەتوانی قسە بکەن ئەمما من بە شانازی ئەوە وتاری خۆم بە کوردی دەخوێنمەوە. ئەورۆکە بۆ هەوەڵین جار ژن و کیژی کورد لە باسەی فەرهەنگی کورد و شوڕەوی لە دەورەی یەک کۆبووینەوە و زۆر جێگای شوکرە کە لەو دونیای ئازادیدا ئێمەش یانی ژنی کوردی کە تا وێستا لەبەر بەخسیری و ژێر دەستی و زۆری زۆردارەکان نەمان توانیوە لە نیعمەتی زانست و خوێندنی زمانی شیرینی کوردی خۆمان خاوەنیش بین " بەهرەوەر بین " ئەمما ئەورۆ بە یارمەتی یەزدانی بێ هاوتا سەهلە زمان و زانستی خۆمان بەڵکوو دەبێ لە زمان و زانستی فەرهەنگی گەورە گەورەی دنیاش ئاگادار بین یانی دەبێ بزانین لەبەر چی دەوڵەتی ڕووسی گەورە لە دونیا دا بەو جۆرە پێش کەوتوون؟ ئەوە خوێندنو عیلم بوو ئەوانی لە تەواوی دنیادا سەر بڵیند و پێشکەوتووی کردن دەبێ ئێمەش لەوە بەولاوە بە هۆی ڕێگایەک کە لە لایەن دەوڵەتی بە قووەتی شوڕەوی بو لای ئێمەش کێشراوە، کە ڕەوابتی فەرهەنگی شوڕەوی و کوردە سەهلە بۆ مە

بـــەڵکوو بۆ زۆر جێگای دونیا کێشراوە. تـەواوی میللـەتی کوردی ژن و پیاو کوڕ و کچ لــەو نعمەتە کــەڵک " فائیدە " وەرگـرین تــا بێتە سەبەبی نێو وەدەر کــەوتنی ئێمـەش لـە دونیادا و کارێکی وا بکەین کـــە پیاوە گـــــەورەکانمان دونیا بیانناسی بـەخسوس بە دەوڵەتـی پیشتیوانی هــەژارەکــانی دیکەی دونیا ئیتحادی جەماهیر شوڕەوی بناسێنین و پیاوە بــەرزەکــان و ژنە بـــە قیمەتەکانی ڕووسیش بــە خۆمــان بناسێنین تــاکوو لــــەو ڕێگایەوە ڕوشۆێنـی چاکی وان هەڵ بژێرین و دەلیلیشم ئــەوەیە تێ بفکرن لەو وێنانەی کە بە دیوارێوە هەڵاوەسراوە بــەمە نیشان دەدا ئـــەو دەوڵــەتە زۆر پێشکـــەوتووە و بەڕاستی بۆ مــامۆستای هـــەموو دونیا دەبێ سەهلە کـوردیش و تەسدیق دەفـــەرموون هەمووی نشان دەدا سەنعت و مەعارف منداڵ تەربیت کردن و زانستی وان هــەموو لـــە نەتیجەی فــەرهەنگ بووە هۆمێدم هەیە ئێمـەش لـــە سایەی پێشەوای بـــەرزمان ڕۆژ بـــە ڕۆژ مــەعارف و فـــەرهەنگی کوردی زیاتر پەرە بگرێ زیاتر لـەوە دەڵێم:

بژی ڕەئیس جەمهوری کورد و کوردستان

بژی مارشال ستالین

بژی خانم ڕەئیس جەمهوری کوردستان

بەرقەرار و پایەدار بێ ئالای سێ ڕەنگی کوردستان

ڕۆژنـــامـــەی کوردستان، ژمـــارە ٣٨ دووشەممۆ بانەمەڕ ١٣٢٥ ـ ٢٢ ئاوریل ١٩٤٦





عیشرەت عەزیمی

سەرچاوەکان:

- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٨شەممۆ ٧ خاکەلێوە ساڵی ١٣٢٥ - ٢٧ مارسی ١٩٤٦

- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٨ دوو شەممۆ ٢بانەمەڕ ساڵی ١٣٢٥ - ٢٢ ئاوریل ١٩٤٦

- لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی

خوێنەری هێژا:

هاوژینم فارووق فەرهاد ساڵی ٢٠٢٠ ئەم وتارانەی کۆکردەوە و پێشکەشی عیشرەت خانمی عەزیمی کرد. بەڵام هیچ دەستکاری ڕێزمانی کوردەکەی نەکرد، هەر وەک خۆی چۆن لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا نووسرابوون، هەرواش ئامادەی کردوو و بڵاوی کردەوە.

لەسەر پێشنیار فارووق منیش هێنامە سەر شێوە نووسینی و ئیملای کوردی، بەڵام هیچ دەستکاری وشەکانم نەکردووە و پێشکەش بە عیشرەت خانمی دەکەم هیوادارم بە دڵی بێت.

سپاس بۆ فارووق کە تایپ و دانانی وێنە و... بە ئەستوو گرت.

گوڵاڵە پێشنماز ٢٠٢١/٣/٣٠ سوئید